

# حلال گوشت، لحم حلال..!

نورەدین وەیسی- کەنەدا

تا هەفتەیەك لەمەوبەریش تاکە خەونم ئەوەبوو لۆتۆیەکی "٦٤٩"م بۆ دەربچێ کە بەهاکەی چواردە ملیۆن دۆلارە تا بزانم ژیانی بەرپرسانی کوردستان خۆشە یان نا، هەرچەندە دڵنیاشم ژیانیان زۆر خۆشە تەنها ئەوەندە نەبێ کە جاروبار وەبەر تەقینەوان دەکەون، وەلێ لە دوای تەقینەوەکانی لەندەنەوە دەستم لە سەر دڵمە و تاکە هیوام ئەوەیە لەو هەموو سواربوون و دابەزینە زۆرەی پاس و میترۆدا وەبەر تەقینەوەی برایەکی موسڵمان نەکەوم و گۆڕغەریب نەبم، ئاخر ئەمن بە زیندوویی پارەم نییە پێی بێمەوە، چجای بە مردوویی کە سێ-چوار عەلاگە دۆلاری دەوێ تا تەرمەکەم لەم دوورەوە دەگاتەوە دۆڵی رۆستێ کە وابزانم تائێستاش بەجادەی قیر شاد نەبووە..!

وەك زۆربەی شارە گەورەکانی دنیا، تۆرۆنتۆش شارێکی فرە کەلچەرو هەمەڕەنگە، تەنانەت رەنگە یەکێك لەشارە هەرە فرەکەلچەرەکانی دنیاش بێت، چونکە بەپێی نوێترین سەرژمێریی ٦٠٪ دانیشتوانی لەدایکبووی دەرەوەی کەنەدان و زمانی دایکیشیان ئینگلیزی نییە، هەر بۆیەش ئاساییە کە بەجادەو شەقامەکاندا بڕۆی دەیان برای موسڵمانی ریشدارو سمێڵ تاشراوو دشداشە لەبەرو خوشکی لەسەر تا نووکی پێ داپۆشراو ببینی، کە زۆر بەنازو فیز بەسەر جادەکاندا دەڕۆن و هەروا دەزانن لە مەککەو مەدینەو کابوول و کەراتچین و پێیانوایە ئەو شارستانێتی و پێشکەوتنەی لەدەوروبەری خۆیاندا هەیە هەمووی سەرچاوەکەی بەناو شارستانێتی عەرەبی و ئیسلامییەو گاورو مسقۆفەکان لەوانیان دزیوە!.

دەیان دوکان و بازاڕو چێشتخانەی پاکستانی و ئەفغانستانی و ئێرانی و عەرەبیت وەبەرچاوی دەکەوێ کە بەگەورەیی و بە هەر سێ زمانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی لەسەر شووشەی پەنجەرەو دەرگاکانیان نووسیوە "حلال گوشت، لحم حلال، Halal meat" یانی گۆشتەکانیان حەڵاڵن و لەسەر تەریقەتی ئیسلامی و رووەو قیبلە کوژراونەتەوە نەك لەسەر تەریقەتی شەیتانی "زانستی"!.

موسڵمان و ئیسلامییەکان لەکاتێکدا ئاوا خەمو پەرۆشی گۆشتی حەڵاڵیانەو سەریان بچێ پارووە گۆشتێکی ناحەڵاڵ ناخۆن، کەچی بۆ سەربڕین و حەڵاڵکردنی خوێن و گۆشتی خەڵکی ناموسڵمان و -هەندێکجار موسڵمانیش- سەریان پێوە نییەو تامەزرۆی ئەوەن ئەو شارە جوان و پاقژانەی رۆژئاوا خەڵتانی خوێن بکەن، لەکاتێکدا ئەو شارو وڵاتانە باوەشی پڕ لەمیهرەبانی خۆیانی بۆ کردوونەتەوەو لە هەموو ئەو مافانەی بەهرەمەند کردوون کە لەوڵاتە موسڵمانەکانی خۆیاندا خەونی پێوە دەبینن و بەهەزار دوعای "لیلە القدر"یش ئەو خەونانەیان بۆ نایەتە دی، ئیدی نازانم برایانی ئیسلامی بۆ وا بە بەلاش و بەپارە تەقینەوان دەکەن و ملیان وەبەر ئەو خوێن رشتنە ناوە، خۆ ناشێ مەبەستیان ئەوەبێ حکوومەتی ئیسلامی لەو وڵاتانە بهێننە سەرکار، ئاخر حکوومەتی ئیسلامی لەسەر کار بێ بەخودای نە پارەی سۆشیالیان دەمێنێ و نە ئاواش بە بەلاش و بەئازادی و کەیفی خۆیان دەتوانن تەماشای ران و سینگ و مەمکی رووتی ژنان بکەن کە وەك هەولێری دەڵێن هەمووی لەو گۆڕەیە..!

nuradinwaisi@hotmail.com